.. مارسی 2007

**ئەنفال ... بەندی عەلی**

باسی ناڵەی چیا ناکەم، کەگابەردێکی سەرکەشی
بەرەو هەڵدێر سەرهەڵئەگرێ و یاخی ئەبێ لەباوەشی
باسی هاژەی ڕووبار ناکەم، وەرزی کۆچ و باری ماسی
ساتێ ئەیدا بەکەنارا، شەپۆل شەپۆل، سەری کاسی
باسی هەنیسکی باناکەم، کەهەلاڵەی هاوڕێی سەفەر
دوای تەمەنێ عیشق و ژوان، ڕێی دابڕان ئەگرێتەبەر
باسی گرمەی هەور ناکەم، ساتەوەختی پڕبوونی ناخ
کەبەڕێژنە بارانی روح، ئەشواتەوە ڕوخساری شاخ
باسی قرچەی بەفر ناکەم، کەنەرمە گورزێکی هەتاو
بەیەک غەمزەی چاوی کاڵی، کێوی جەرگی ئەکا بەئاو
باسی لەرزی گاڵا ناکەم، زەردە وەرزی لێکدابڕان
لەعەزرەت بێ میهری چڵ و دڵڕەقیی باڕەشی خەزان
باسی غەدری غەدران ئەکەم لەدەفتەری کۆنی دەهرا
ئەو دەقانەی نووسرانەوە لەدوا چرکەکانی بەدرا
باسی شمشێرەکەی عەلی و خەنجەرەکەی ئەبوسوفیان
لەنێویانا، چۆن زەمانێ بوو بەمەرگەساتی ئینسان
باسی پێڵوی داخ بەپشکۆی چاوەڕوانی کۆچی گەرمیان
باسی لێوی سڕ بەتەرزەی بێ سۆراخی ڕەوی کوێستان
باسی کۆستی هەمیشە شین، ئومێدێکێ ئەژنۆ شکاو
حوزنێکی شۆڕ وەک شۆڕەبی، برینێکی بەئاخ برژاو
باسی دڕکی بیانان و سەگی ڕەشی کۆرپەلە خۆر
کچانی بێ سەروشوێن و چەقۆی نامەرد، زامی ناسۆر
باسی ئەنفال ئەکەم ئەنفال، ئەی جیهانی مەستی بێ هۆش
نەفرەت لەتۆفانی چەرخ و لەبێ دەنگی و بێ باکی تۆش

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.